ئەمریکا سزای بەسەر دو دادوەری دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان سەپاند



ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمڕۆ پێنجشەممە سزای بەسەر دو دادوەری دیکەی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتیدا سەپاند، ئەمەش وەک هەنگاوێك بۆ پشتیوانیکردن لە ئیسرائیل کە بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ڕووبەڕووی فەرمانی دەستگیرکردن دەبێتەوە کە لەلایەن دەزگای دادوەری کە بنکەکەی لە لاهایە دەرچوە.

مارکۆ ڕوبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەو دو دادوەرەی کە خەڵکی مەنگۆلیا و جۆرجیا بون، سەرەتای ئەم هەفتەیە دەنگیان دژی ئیسرائیل داوە بۆ دەسەڵاتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە گوایە لە ماوەی دو ساڵی ڕابردودا لە کەرتی غەززە ئەنجامدراون.

لای خۆیەوە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان ڕایگەیاندوە، سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەو دو دادوەرە "هەرشکی ئاشکرایە بۆ سەر سەربەخۆیی دامەزراوەیەکی دادوەری".

دوابەدوای سزاکانی واشنتن، دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان دەڵێت، "ئەمە هەر

پێشێلکارییەک بە سەر سەربەخێیمان ەتدەکەینەوە، بەە توندی سەپاندنی سزای نوێی ئەمریکاش بەسەر دو دادوەری دادگاکەدا سەرکنەە دەکەین".

ووشونەە ەاگەیەندراوەکان بریتین لەە قەدەغەکردنی چونەە ژورەوەی کەسانی پەیوەندیدار بە ناو خاکی ئەمریکا، بلێککردنی هەر سەروەت و سامانێك کەە لەە ئەمریکا هەیانەە، هەروەها قەدەغەکردنی هەر جۆرەە مامەەلەیەکی دارایی لەگەەیاندا.